نەخۆشی بە ویستی خۆی ناگوێزرێتەوە، وشومیەتی لە باڵندەدا نییە، وشومییەتی لە کونە پەپودا نییە، وشومییەتی لە مانگی سەفەردا نییە، ڕا بکە (دوور بە) لە نەخۆشی گولی هەروەکو چۆن ڕا دەکەیت لە شێر

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نەخۆشی بە ویستی خۆی ناگوێزرێتەوە، وشومیەتی لە باڵندەدا نییە، وشومییەتی لە کونە پەپودا نییە، وشومییەتی لە مانگی سەفەردا نییە، ڕا بکە (دوور بە) لە نەخۆشی گولی هەروەکو چۆن ڕا دەکەیت لە شێر».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەکو هۆشداریەك هەندێك شتی ڕوونکردەوە کە لە جاهیلیەتدا ڕووباندەدا، وڕایگەیاند کە هەموو شتێك بە دەستی خوای گەورەیە، وهیچ شتێك بە بێ فەرمان وقەدەری ئەو ڕووندات، ئەم شتانەیش بریتین لە: یەکەم: خەڵکی لە سەردەمی جاهیلیەتیدا -پێش ئیسلام- پێیان وابوو نەخۆشی بە ویستی خۆی دەگوێزرێتەوە؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد لەم بیروباوەڕە کە پێیان وابوو نەخۆشی لە نەخۆشێکەوە بۆ یەکێکی تر تەنها بەهۆی سروشتی خۆی دەگوێزرێتەوە، پەروەردگار گەردوون بەڕێوە دەبات؛ ئەو نەخۆشی دادەبەزێنێت و لەناوی دەبات، وهیچ شتێك لەمانە ڕووندات بەبێ خواست وقەدەری خوای گەورە -سبحانه وتعالى-. دووەم: خەڵکی لە جاهیلیەتدا ئەگەر دەربچوونایە بۆ گەشتێك یان بازرگانیەك، باڵندەیەکیان هەڵدەدا، ئەگەر بەلای ڕاستدا بڕۆیشتایە؛ دڵخۆش و بەهیوا دەبوون، وئەگەر بەلای چەپدا بڕۆیشتایە؛ ڕەشبین دەبوون ودەگەڕانەوە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لەم کارە کرد، وڕوونی کردەوە ئەمە بیروباوەڕێکی پوچەڵە. سێیەم: خەڵکی لە جاهیلیەتدا دەیانووت: ئەگەر کوندەپەپو (بوم) لەسەر ماڵێك بنیشێتەوە ئەو ماڵە تووشی کارەسات دەبێت ؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد لە ڕەشبینی بەهۆی ئەم شتەوە. چوارەم: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد لە ڕەشبینی بە مانگی سەفەر، ئەمیش مانگی دووەمی ساڵی کۆچیە. ووتراوە: -سەفەر- مەبەست لێی جۆرە مارێکی بچووکە دەچێتە نێو سکی ئاژەڵ ومرۆڤ، وپێیان وابوو ئەم نەخۆشییە سەختترە لە نەخۆشی گەڕی ؛ بۆیە نەهی کرد لەم بیروباوەڕە. پێنجەم: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە دوورکەوتنەوە لە نەخۆشی گولی ؛ هەروەکو چۆن لە شێر دوور دەکەویتەوە، ئەمیش بۆ پاراستنی نەفس وسەلامەت بوون وهەروەها جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانەی خوای گەورە فەرمانیپێکردووە، وگولی: نەخۆشیەکە ئەندامەکانی لاشەی مرۆڤ دەخوات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3407